# له وەزارەتی مافی مرۆڤ

# وەفدی ئاژانسی ( سیدا )ی سویدی باسی له مافی دەربڕینی رای ئازاد و رەوشی رۆژنامەنووسان کرد.



سەر لەبەیانی ئەمڕۆ (٢٠٠٨/٤/١٠) بەڕێز د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە وەفدێکی ئاژانسی (سیدای)ی سویدی کرد کە بە سەردانێك گەیشتونەتە کوردستان.

لەدەستپێکی ئەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەم چالاکیانە کرد کە کاریگەرییان لەم بوارەدا هەبووە و لە نێوانیاندا چالاکیەکانی بۆردی راوێژکاری کە ژمارەیەك لە رێکخراوە ناحکومیەکان و (un) و یۆنامی و نوێنەرانی هەردوو باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و بەریتانی تیایدا بەشدارن، هەروەها باس لەو چالاکیانە کرا کە پەیوەندییان بە توندوتیژی دژی ژنانەوە هەیە لە میانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی دژی ژنان و دەستنیشانکردنی ئەم کارو کردەوانەی کە بۆ ئەم رەوشە ئەنجامدراوە.

لەتـەوەرێکی دیکـەدا وەفـدی میـوان باسـیان لـە دەربڕینـی بـیرورای ئـازادکرد لـە بـواری ڕۆژنامەنووسییەوە کە تا چەند ڕۆژنامەنووسی لەم دەڤەرە ئازادە لە بۆچوون و دەبڕینەکانیان.

لەبەرامبـەردا د. شـوان محەممـەد عـەزیز ڕایگەیانـد کـە یاسـای ڕۆژنامەنووسـی ئێـستا لـە پەرلەمانە و بەم زووانە پەسند دەکرێ و بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگـەڵ ڕۆژنامـەنووس و کـاری ڕۆژنامەنووسی دەکرێ و جەخت لەسەر دەربڕینی بیروڕای ئازاد کراوەتەوە.

هەروەها باس لەم لایەنانە کرا کە خولی ڕاهێنان بۆ پۆلیس دەکەنەوە بـۆ تێگەیانـدنیان لـە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشی مـافی مـرۆڤ و زانینـی خاڵـەکانی پێـشێلکاری کـە تـا ئێـستا ژمارەیەك خول لەم بوارە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە بۆ پۆلیسان کراوەتەوە.

لەتەوەرێکی تردا باس لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان کرا کـە بـە دەسـکەوت و کـارێکی بـاش وەسـفکرا تـا ببێتـە بناغەیـەکی هەمیـشەیی بـۆ بەڕێوەچـوونی کارەکـانی ڕێکخـراوە نـا حکومییەکان.

لـەبواری هاوکـاریکردنی نێـوان وەزارەت و ئاژانـسی (سـیدا)ی سـویدیش وەفـدی میـوان ڕایانگەیانـد کـە ئـەوان بـەنیازن لـە پلانـی (٢٠٠٩)ی خۆیـان بـواری هاوکـاریکردن بـۆ کارەکـانی وەزارەت برەخسێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوشـی مـافی مـرۆڤ، شایانی باسە ئەم دیدارە سەعاتێکی خایاند و ژمارەیەك لە لێپرسراوانی وەزارەت ئامادەبوون.